# یەڵماز گۆنای



ئا: ئیسماعیل شەمزینی

هونەرمەندو دەرهێنەری دیارو شۆرشگێر، ئەو کەسەی لە دڵی ملیۆنان زەحمەتکێشدا دەژی، لە سەردەمانێکدا لە ژێر زەبرو زەنگی دەسەڵاتی تورکیدا کۆڵی نەداو ئەوەی لە هزریدا بوو کردی فیلم و هێنایە ناو خەڵك، تا ئەمرۆش بە بەرزی و پیرۆزی لە کارەکانی دەروانرێت.

یەڵماز گۆنای ئازاری گەلەکەی، ترس و تۆقاندنی زیندانە تاریکەکان و کوشتنە بێ تاوانەکانی لە فیلمەکانیدا گوزارشت دەکرد، ئەو مەبەستی سەرەکی نمایشی فیلم نەبوو دەیویست لە رێگای کارەکەیەوە ئازاری گەلەکەی پیشان بدات و ئەمەی کردبووە خەبات بۆ رزگاری گەلەکەی و تێدەکۆشا، گۆنای یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەری ئەنستیتۆی کورد لە ساڵی (١٩٨٣)، یەڵماز گۆنای لە شاشەی سینەماوە باسی ئەو کارەساتانەی دەکرد کە رۆژانە بەسەر گەلەکەیدا دەهات و خەباتی رزگاری خوازانەی دەخزاندە نێو فیلمەکانی، هەمیشە ئامادەیی خۆی دەردەبڕی بۆ پشتیوانی کردن لە دۆزی رەوای گەلەکەی و بەڵێن دەدات کارە سینەماییەکانی بۆ خزمەتی گەلەکەی تەرخان بکات.

یەڵماز گۆنای لە بنەماڵەیەکی هەژاری کورد چاوی بەژیان هەڵێناوە، گۆنای وەکو هەموو منداڵانی گوندەکەیان برسیەتی و هەژاری و رووتی و کارکردن لە منداڵیەوە دیوە، ناکۆکی دایك و باوکی و هەژاری و شەڕ و هەرای رۆژانەی ناو ماڵیان کاریگەری زۆر لەسەر یەڵماز دروست کردبوو، وەك خۆی دەڵێت: هەتا ئێستا ئەو دژواری و کولو کۆڤان و تاڵاوانەم لە یادن کەلە منداڵیدا چەشتومن، بیرمە تەنانەت بۆ رێکەوتیش خۆشی رووی لە ماڵی ئێمە نەکردووە، باوکم بە بەردەوامی لە خوتوخۆرایی لە دایکمی دەداو زۆر جاریش لە ماڵ وەدەری دەنا، هەندێك جار ئێمەشی لەگەڵ وەدەردەنایین، دارتوویەك و دوو دار هەنجیر لە بەرامبەر ماڵەکەمان بوون، تاکو بەیانی لەگەڵ دایکمدا لە ژێر دارەکاندا دەنوستین و بۆمان دەبووە پەنایەك، هەندێکجاریش دایکم دەستی من و براکەمی دەگرت و رووماندەکردە ماڵی خزمێکمان لە (ئەزەنە) کە بیست و حەوت کیلۆمەتر لە گوندەکەمانەوە دوور بوو، هەرگیز ناتوانم حاڵی دایکم لە بیر بکەم کە بە درێژایی رێگاکە دەگریا، بەتایبەتی ناتوانم ئەو گۆرانییە حەزینو تۆڵە ئامێزانە لەبیر بکەم کە دایکم بەدەم فرمێسکەوە دەیگوتن".

گۆنای لە ژینگەیەکی سەختدا ژیاوە، بەڵام ئەو سەختی و دژوارییە کۆڵی پێنەداوە بەڵکو گیانی رەفز و بە گژاچونەوەی لەلا دروست کردبوو، هەڵبەتە ئەم گیانی رەفز و بە گژا چونەوەیە لەگەڵ یەڵمازدا هات و گەورە بوو، ئەگەر لە منداڵیدا کاردانەوەیەکی منداڵانە و بێ ئاگاییانە بوبێ، ئەوا لە گەورەییدا بە هۆشیاریەوە پەیرەوی کردوە.

بابی یەڵماز دەیویست، کورەکەی ببێت بە وەرزێرێکی زرنگ، لە قوتابخانەدا چۆنیەتی چاندنی توتن و هونەری کێشانەوەی پەموو و فرۆشتنی فێر بێت، لێ گۆنای شتێکی دیکەی دەویست:- "دەمزانی چیم دەوێ بەڵام ئەوەی من دەمویست جیاواز بوو لەگەڵ خواستی باوکم"، هەموو هۆش و بیری یەڵماز هەر لای خوێندنو خوێندەواری بوو، ئەو لە لای خۆی بریاری دەدا بەهەر نرخێك بێت خوێندنەکەی تەواو بکات، کە ئەمەیان یەکێك بووە لە ئاواتەکانی و لە ساڵی (١٩٧٢) بۆ رۆمانی (بەلارە ملیوە مردن) خەڵاتی (ئۆرهان کەمال)ی وەرگرت کە گەورەترین خەڵاتی ئەدەبی تورکیا بوو.

لە ساڵی (١٩٥٢ – ١٩٥٤) لە کۆمپانیای سینەمایی (کەمال فیلم) کاری کردووە، ئەم کارە وای دەخواست بە گوند و شارەکانی کوردستاندا بگەڕێت بە تایبەتی لە ناوچەکانی (ئەلعەزیز و غازی عەنتاب و دیاربەکر)، ئەمەش وایکرد یەڵماز لە نزیکەوە لە ژیانی کرێکاران و وەرزێران و جوتیاران و چەوساوانی هاونەژادی خۆی ئاشنابێت، بیر بکاتەوە پرسیار لە خۆی بکات کە ئەویش کوردەو بۆچی بنەماڵەکەی لە ناوچە کوردنشینەکان کۆچیان کردووە و لە ناوچە تورکنشینەکانن؟ ئەم جیاوازییە زۆرە چیە لە نێوان ژیانی ناوچە کوردنشین و تورکنشینەکان، بەرەبەرە بۆی دەرکەوت کە خانەوادەکەیان یەکێکە لە قوربانیەکانی سیاسەتی بە تورك کردنو ناچاریان دەکەن بە تورکی بدوێن و بە تورکی بژین، لە قوتابخانەدا فێریان دەکەن کە هەموویان تورکن.

گەران بەناو کوردەواری و تێکەل بون لەگەڵ کوردانـدا وایکرد یەڵماز لە نزیکەوە ئاشنای دابونەریت و کەلەپور و فۆلکلۆری کوردی ببێتو لەهەمانکاتدا ببێ بە شایەتێکی زیندوو بەسەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرەوە کەلە کورد دەکرێت، هەڵبەتە ئەم گەشت و گەڕانانە بون بە کەرەستەو هەوێنی هەموو بەرهەمەکانی یەڵمازو زۆربەی نوسین و کارە سینەماییەکانی لەو سەرچاوانە هەڵێنجاوە و چیرۆکەکانی زادەی رێکەوت نەبوونە، بەڵکو زادەی گەڵاڵە بوونی بیر و بۆچونی تایبەتی بووە دەربارەی ئەو واقعیانەی باسمان کرد.

لەساڵی (١٩٥٥)دا خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو کردو چووە کۆلێژی ماف لە زانکۆی (ئەنقەرە)، بەڵام زۆری نەبرد لەبەر دەستکورتی وازی لە خوێندن هێناو بۆ (ئەزەنە) گەرایەوە و لە کۆمپانیای فیلمی سینەما کەوتەکار.

یەڵماز گۆنای جگە لە کاری هونەری فیلمسازی، دەستێکی باڵای هەبووە لە نوسینی چیرۆك و رۆمان، زۆربەی ئەو چیرۆکانە بە شێوەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ، رووداوەکانی ژیانی رۆژانەی خۆی و خەلکی دەوروبەرەکەی



بەرجەستە کردووە.

لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بەهرەی یەڵماز چ وەك سیناریستێکی سەرکەوتوو یان وەك ئەکتەرێکی باریکەلەی باڵا دەرکەوت، هەر لە یەکەم فیلمییەوە وەکو داهێنەرێکی تەواو خۆی نواند، وەك (ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە، مامزی سپی، دوو پیاوە ئازاکە، زەمەنی توتن و ....)، یەڵماز لەو کاتانەدا کە دەسەڵاتی تورکی چاودێری ووردی لەسەر کارەکانی دانابوو، ئەو سیناریۆی دەنوسی و بەشداری لە نواندنی فیلمەکانیدا دەکرد و سەری بۆ دەسەلات دانەدەنەواند، لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی ڕۆژانە و کارەکانیدا گۆنای لە لایەن دەسەڵاتەوە توشی دەیان گرفت و ئاستەنگ دەکرایەوەو تۆمەتبار دەکرا و دەخرایە زیندان، گۆنای زۆربەی کاتەکانی لە زینداندا بەسەر بردووە، سیناریۆی بەشێکی زۆری کارەکانیشی هەر لە زینداندا نوسیوە، بیرۆکەی جوان و دەرخستنی ڕووی راستەقینە لە فیلمەکانیدایە، یەڵماز گۆنای کردە خاوەنی چەندین خەڵاتی نێو دەوڵەتی لە بواری سینەمادا و فیلمەکانی زۆرترین بینەری هەبوو، بەمەش ئەستێرەی کەوتە بەرزی و ناوی چووە ریزی گەورە دەرهێنەرانی جیهانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرەبەرە لە مەسەلەی کوردی نزیك دەبووە.

یەڵماز گۆنای لە ماوەی کورتی تەمەنیدا کە (٤٧) ساڵ ژیاوە، (١٤) ساڵی لە زینداندا بەسەر بردووە، کۆدەتا سەربازیەکەی ساڵی (١٩٨٠) ژیانی لە ملیۆنەها خەڵکی وەکو گۆنای تاڵ کرد، یەڵماز کە ئەو کاتە لە زینداندا بوو بە هاوکاری هەندێك لە هاورێیانی توانی لە زیندانی ئەسبارتای دەریای مەڕمەڕە رزگاری ببێت و رابکات بۆ یۆنان و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا، لە ئەوروپا دوبارە و بە گڕوتینێکی ترەوە گۆنای درێژەی بەکارە هونەریەکانیدا، ئەمەش جەنەراڵە تورکەکانی تەواو هەراسان کرد، بۆیە دادگا عورفییەکانی تورکیا، بڕیارێکیان دەرکرد کە دەست بەسەر هەموو کارە هونەری و ئەدەبییەکانی یەڵماز گۆنایدا بگیرێ‌و بسوتێندرێن تەنانەت ئەو فیلمانەش کە یەڵماز گونای وەکو ئەکتەر ڕۆڵی تێدا بینیوەو ناوی گۆنای لە سەرتاسەری تورکیادا قەدەغە کراو ناسنامەی تورکی لێ سەندەوە، لە مافی هاوڵاتی بوونی بێبەش کرا.

دیارە هەموو ئەو کارە دزێوانە تینوێتی جەنەراڵە نەژادپەرستەکانی تورکیای نەشکاند بۆیە پەنایان بردە بەر شێوازی راوەدونان و ڕەشەکوژی، چەند هەوڵێکیان لەو بارەیەوەدا کە ترسناکترینیان ئەوەی تونس بوو، گۆنای ماوەیەك لە تونس مایەوە، بەڵام بە زیرەکی و ووریایی خۆی، لەو داوە رزگاری بوو، بیری لەوە نەدەکردەوە کە قەدەر داوێکی گەورەتری بۆ ناوەتەوەو لە ئاوارەیی و غوربەتدا دوور لە خاکی نیشتمان، لە ترۆپکی بەخششی هونەریدا، لە تەمەنی (٤٧) ساڵی ماڵئاویی لە هەمووانی کرد.

بەیانی (١٩٨٤/٩/٩) رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی فەڕەنسی و ئەوروپی لە لاپەرەی یەکەمیاندا وێنەی گۆنایان لە چوارچێوەی رەشدا بڵاو کردەوەو هەواڵی مەرگیان لە نەخۆشخانەیەکی پاریسدا بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە راگەیاند، هەوالی مەرگی یەڵماز گۆنای لە سەرتاسەری دونیادا دەنگی دایەوە و سوێی خستە دڵی ملیۆنان کەس‌و راگەیاندن و رۆژنامەوانانی جیهانیش بایەخێکی زۆریان پێدا، فیلمەکانی لە تەلەفزیۆن و سینەماکانی ئەوروپا هەر لە فیلمی (ئومێد و رێگا و دیوار و ....هتد) بە درێژایی هەفتە و مانگ و پتر لەوانە لێدرانەوە و ملیۆنان کەس بینەری بوون .

یەڵماز گۆنای نمونەی پیاوەتی و شەهامەت بوو، گۆنای وەك چۆن مرۆڤایەتی بە کارەکانی دەوڵەمەند کرد بە هەمان شێوەش بە هونەر و ئەدەب و بەها رۆحی و ئەستاتیکییە بەرزەکانی رۆشنبیری کوردی دەوڵەمەند کردووە، بۆیە گرنگیدان بە کەلەپوری یەڵماز گۆنای، بڵاوکردنەوەو پاراستنی لە فەوتان و شێوان ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە.

**سەرچاوە:**

– کتێبی یەڵماز گۆنای .... حەمەکەریم عارف

– Amude.com